# سەرۆك وەزیران ڕێنمایی پێکهێنانی لیژنەیەك دەكات بۆ دابین كردنی كۆلوپێلی قوتابخانەكان



ئەمڕۆ چوارشەمە، سەرۆكی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شاع سودانی، ڕێنمایی پێكهێنانی لیژنەیەكی كرد بۆ دەستنیشانكردنی كارگە و كەمپانیاكان بۆ دروستكردنی قوتابخانەكان.

وتەبێژی تیمی ڕاگەیاندنی حكومی حەیدەر مەجید، لە بەیاننامەیەكدا ڕایگەیاند: بۆ پشتبەستن بە بەیاری لیژنەی باڵای بیناسازی قوتابخانەكان، سەرۆكی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شاع سودانی ڕێنمایی پێكهێنانی لیژنەیەكی كرد بۆ دەستنیشانكردنی ئەو تاقیگانە و كەمپانیا حكومی و ئەهلییانەی كە دەتوانن كۆلوپێلی قوتابخانەكانی سەر بە پێژەی بینای قوتابخانە نمونەییەكان دابین بكەن، كە ژمارەیان هەزارە قوتابخانەیە.